پارتی لیبرالی کوردستان
www. lpok. org

بۆحکومەتی هەرێمی کوردستان /هەولێر

بەڕێزان،
پارتی لیبرالی کوردستان، دەنگی دەخاتە پاڵ رۆشەنبیران و پێشکەوتنخوازانی گەلەکەمان و نارەزایی خۆمان بەرانبەر بە بێسەروشوێنکردنی د. کەمال سەید قادر، لەلایەن دەزگای ئاسایشەوە دەردەبڕین و داوادەکەین کە بەشێوەیەکی یاسایی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت.
ئازادیی رادەربڕین، یەکێکە لە مافە هەرە گرنگ و بنەڕەتیەکانی مرۆڤ. دەستدرێژیکردن بۆ سەر ئەومافە بەشێکە لە رەوشتی رژێمە ستەمکارەکان و بەڵگەی دوورییە لە واقعی جیهانی نوێ. ئێمەی مرۆڤ ئێمەی هاوڵاتی کوردستانی، پاش هەرەسی عیراق و گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە هیوامان بە کوردستانێک بوو کە بە ئازادیی و بێترس لە دەزگا دەمکوتکەرەکانی حکومەتی ئیستیبدادی هەناسەی تێدا هەڵکێشین. بەڵام بەداخەوە رۆژ بەرۆژ ترسی هاوڵاتی کوردستانی لە دەزگا پۆلیسیەکانتان پتردەبێت و بەچەشنی زەمانی سەدام، خەریکە هەمیسان مرۆڤی کوردستانی لەغاودەکرێت.
ئێمە هەرچەندە پشتگیری لە شێوەی نامەکانی دکتۆر کەمال ناکەێن، بەڵام بێگومان نارەزایی خۆمان بەرانبەر بە شێوەی هەڵسوکەوتی حکومەت و دەزگاکانی دەردەبڕین و هانی ئێوەی بەڕێزدەدەین کە مافەکانی دکتۆر کەمال وەک مرۆڤ و وەک زندانییێک بپارێزرێت و بەهیچ شێوەیەک ئەشکەنجە نەدرێت.
ئێمە دکتۆر کەمال بە زندانییەکی سیاسی دەزانین لە کوردستاندا و داوادەکەین کە:
مافی هەبێ، ئازادانە پارێزەر بۆخۆی هەڵبژێرێت.
پارێزەری دکتۆر کەمال لە دانیشتنە جستوجۆییەکاندا ئامادەبێت
کەیسەکە بدرێت بە دادگایەکی بێلایەن و ناحزبی.
کە دادگایکردنەکە عەلەنی بێت و دەروازەکانی بۆ خەڵک و مێدیا کرابێتەوە
گشت ئعترافێکی کە لەژێر زەبری ئەشکەنجەدا درکێندرابێت، بەناشەرعی بناسرێت.
لەکۆتایدا، وەک پارتی لیبرالی کوردستان، جارێکی تر، نارەزایمان بەرانبەر بە ستەمکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەردەبڕین و بەبیری ئێوەی بەریز دێنینەوە کە هیچ هێزێک نییە، بتوانێ رێگا لە گۆران بگرێت، رێگا لە پێشکەوتن و ژیاری نوێ بگرێت.
بەرەو دابینکردن و مسۆگەرکردنی مافەکانی تاک لە کوردستاندا

2005-10-30
پارتی لیبرالی کوردستان

Liberal Party Of Kurdistan
liberalparty@lpok. org